**درێژەی لاپەڕە ٥**

زلهێزەکانی پەلکێشی ناوچەکە کرد، بە هەموو خراپەیەکی دەستتێوەردانی دەرەکی لە ناوچەکە بەڵام بە هاتنی ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی بۆ ناوچەکە، جمووجووڵەکان بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ناوچەکە و تایبەت لە لایەن کوردەوە دەستی پێکرد، کورد تامەزرۆی گۆڕانکاریی دیموکراتیک لە ناوچەکە بوو کە وەک نەتەوە بتوانێت بگات بە مافە پێشێل کراوەکانی کە ڕژیمە کۆنەپارێز و ستەمکارەکانی ناوچەکە بۆ زیاتر لە سەدەیەک پێشیان بە ڕەوتی گۆڕانکارییە دیموکراتییکەیانای ناوچەکە گرتبوو، بەڵام تایبەتمەندیی سەدەی بیست و یەک و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی مرۆڤایەتی بە چوونە نێو جیهانی تەکنۆلۆژیا و زانست و دەست پێگەیشتن بە زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان لە ئاستی جیهانیدا، ڕەوتێکی نوێی گۆڕانکاریی دروست کرد کە هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە بەردەم ئەو گۆڕانکاریی گەورە دایە کە هیوای ئەوە دەخوازرێت کە پێشکەوتنی ناوچەکە و دیموکراتیزە بوونی کۆی سیستەمە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتووریی لێ بکەوێتەوە، ئەو تایبەتمەندییەی سەدەی بیست و یەکەم، تەنگی بە کۆی سیستەمە کۆنەکەنی سەدەی ڕابردوو لە ناوچەکە هەڵچنیوە، وەک چۆن لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمداین کە سەرەتای سەدەی گۆڕانکارییە گەورە و چارەنووسسازەکانی جیهانە، بە هەمان شێوە گۆڕانکاریی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن و زۆر گۆڕانکاریش ڕوویان داوە و لە سەرجەم کایە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کلتووریەکانی ناوچەکە دیبینین کە پەلەقاژەی دەوڵەتە ستەمکار و سیستەمە کۆنەپارێز و میرتیەکانی سەدەی بیست ئاماژەیەکن بۆ چوونە نێو شارستانیەتێکی ترەوە کە دیموکراتیکانە تر لە کۆی سیستەمەکانی سەدەکانی ڕابردوو بێت، شارستانیەتی دیموکراتیک بە هاتنی هزر و ئەندێشە و زانست و کلتووری نوێ، هێز و حیزب و ڕەوتی سیاسیی نوێ دەخولقێنێت و خوازیاری هێز و حیزب و ڕێکخراوی سەردەمیانەتر و دیموکراتیکترە کە لە سەر بنەمای تایبەتمەندییەکانی سەدەی بیست و یەکەم خۆیان ڕێکخستبێت، بۆ دەستپێکردنی ئەم قۆناغە بە ئەزموون وەرگرتن لە سەدەی ڕابردوو و بە بنەما گرتنی تایبەتمەندییەکانی شارستانیەتی دیموکراتیک، ئەرکێکی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتییەکی مێژوویيە کە هەموو هەوڵێک بخرێتە گڕ بۆ پێشخستنی ڕەوتی گۆڕانکارییە ئەرێیەکانی ناوچەکە و دیموکراتیزە کردنی کۆی کایەکانی ژیانی مرۆڤایەتی لەم ناوچەیە کە کۆی دام و دەزگا دەوڵەتی و حیزبیەکانی، بە ڕەهەندە سیاسی، ئابووری، کلتووری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، لە چەقبەستووییەکی هاوشێوەی یەک و تەواوکەری یەکتردا ماونەتەوە و وەک نوێنەری سەدەکانی پێشوو و ماوە بەسەرچوو لە سەر هزری نکۆڵی لێکردن و خۆ بە گەورە و ڕاست و درووست زانیندا دەردەکەون کە پێویست دەکات جێگۆڕکێیان پێ بکرێت و هێز و دەسەڵات و دەوڵەت و حیزب و ئۆپۆزسیۆنی نوێ لە دایک ببن کە لە گەڵ شارستانیەتی نوێ مرۆڤ و گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا بێنەوە.

شارستانیەتی دیموکراتیک بە هاتنی هێز، حیزب و ڕەوتی سیاسی نوێ بۆ نێو گۆڕەپانی گۆڕانخوازی و دیموکراسیخوازیی ڕۆژهەڵاتی ناوین، گڕ و تینێکی نوێ بە لاشەی نیوەگیانکراوی ناوچەکەدا دەکات کە لە سەر بنەمای هزر و زانست و تەکنۆلۆژیای سەدەی بیست و یەکەم ئەو گڕ و تینە دروست دەبێت، کوردستانیش بەدەر لەم ڕەوتە مێژوویی و سەردەمییەی سەدەی بیست و یەکەم نابێت و وجوود و بوون و لە دایکبوونی هێزی نوێ، مزگێنی ئەو سەردەمە نوێیەی پێ دەبێت کە داخوازی و پێویستیی نوێی کۆمەڵگەی سەدەی نوێیە. سەردەم و سەدەیەک کە بە فەلسەفەیەکی قووڵتری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری وکلتووری کە وجوود و بوون و هەبوونی گەلان و نەتەوەکانی ناوچەکە دەباتە قۆناغێکی نوێوە کە تێیدا فیکر و هزری نوێ سیاسی، ڕێکخراوە کۆنەکان و سیستەمە کۆنەکان تێدەپەڕێنێت کە بەرهەمی سەدەی ڕابردوو بوون.

**هەر جۆرە بیر و هزر و سیستەمێکی سیاسی کە هەڵگری توخمەکانی توتالیتاریزم، فاناتیزمی دینی، ئۆلیگارشی و فاشیزم و شۆڤینیزمی نەتەوەیی و ئایینی بێت، بە توندی ڕەت دەکرێتەوە و هەوڵ دەدات کە کۆمەڵگە لە چنگ و ژێر دەستەیی و هەژموونیی ئەو جۆرە لە سیستەمی فیکری و ئیدئۆلۆژیکی و دەسەڵاتی سیاسیە دەرباز بکات**

فەلسەفەی وجوودی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان لە سەر بنەمای کۆی ئەو داخوازی و هزر و جیهانبینیە سیاسی و زانستییەی سەدەی نوێیە کە کۆمەڵگە وەک پێویستیی ژیانی سەردەمیانە کردوویەتی بە داواکاری و داخوازییەکانی و لە ڕێگەی جیهانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ململانێی دەسەڵاتە گەندڵ و ستەمکارەکانی ناوچەکە دەکات. لە سەرەتای دامەزراندنی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، ئەو داهاتووبینییەمان هەبوو کە سەدەی بیست و یەک سەدەیەکی جیاوازە کە پێویستە ڕێکخراو و سازە و پێکهاتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانیش جیاواز لە هزرین و ئەندێشەی سەدەکانی ڕابردوو خۆیان ڕێکبخەن و کۆمەڵگەش لە سەر بنەمای زانست و تەکنۆلۆژیای نوێ خۆی ڕێکدەخات و هەنگاو بەرەوە گۆڕانکاریی گەورە دەنێت کە ئیتر ئایدیا سیاسیەکانی ڕابردوو توانایی خۆ گونجاندنیان لە گەڵ گۆڕانکارییە بنەماییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا نابێت و لە هەمان ڕوانگەشەوە دەبێ بووترێت کە ستراکتۆری دەوڵەت و حیزبیش دەبێ لە گەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا بگۆڕدرێت، چوونکوو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژیایی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە و هەر ڕۆژ زیاتر گۆڕانکارییەکان پێش دەکەون کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر جومگەکانی دەسەڵات و سیاسەت و پەیوەندییەکانی نێوانیان هەیە کە پێویست دەکات پێناسەیەکی نوێ بۆ هێز و سەرچاوەکانی هێز بکرێت کە لەگەڵ کۆمەڵگەی تۆڕکراوی سایبریدا بێتەوە، سەدەی بیست و یەک سەدەی کۆمەڵگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەبێت بە پێی تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگە نوێیە کایە سیاسییەکان ڕێکبخرێن، ڕووداوەکانی وال ئێستریت و بەهاری عەرەبی و هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماریی لە کاتی ئەحمەدی نەژاد لە ئێران و دواجار کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە زستانی ئەمساڵی ئێران بۆ نارەزایەتیی سەرتاسەری لە ئێران، دەرخەری ڕاستیی ئەم بۆچوونەن کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لە سەر سیاسەتی جیهانی و ناوچەیی هەبووە.

به لە بەرچاو گرتنی ڕەهەندە مێژوویەکانی گۆڕانکارییەکان و گەیشتن بە ئێستای دۆخی کۆمەڵگە، دەبینین کەمتر شوێنێک لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ماوەتەوە کە نەکەوتبێتە بەر شەپۆلی تیشکەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەم و کۆی پێکهاتەی دەسەڵات و هێزی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا نەهەژاندبێت، دەبینین کە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان توانیویانە خۆیان هاوئاهەنگ بکەن لە گەڵ بەرز و نزمیی شەپۆلەکانی گۆڕانکاریەکان و گەل و نەتەوە و هاونیشتمانی و هاووڵاتیانیان لە کارەساتەکانی بەرز و نزمیی گۆڕانکاریەکان بپارێزن کە ئەویش بە هۆی کەرەستەی دیموکراسی و باوربوون بە مافی مرۆڤ لە وڵاتەکانی خۆیاندایە کە توانیوویانە تارادەیەکی باشتر لە ناوچەکانی تری جیهان، کۆمەڵگەیەکی کەمتر تووشبوو بە قەیران و کارەسات بخولقێنن، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بە هۆی پێکهاتە و هزری دەسەڵاتداری، قەیرانی گەورەی ڕەوایەتیی دەسەڵاتی سیاسی درووست بووە و لە کاردانەوەکانی خەڵک و کۆمەڵگە بەرامبەر بە نارەوایەتی و بێ پێگە بوونی دەسەڵاتی سیاسی، کارەساتی گەورەی مرۆیی لێکەوتووەتەوە.

**لە نێوان نەتەوەکانی ئێران، کورد زیاترین ڕۆڵی هەبوو لە مێژوو و کلتووری ئێراندا بەڵام لە ئێستادا، زیاترین ستەم و سەرکوت و بێبەشکردن لە بەڕیوەبردنی وڵات، ڕووی لە کوردە، کورد لە ئێران لە هەموو مافە سیاسی و ئابووری و کلتووری و جڤاکییەکانی بێبەش کراوە**

به هەمان شێوە کە لە کۆی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەیران و کارەسات ڕەواڵەتی ژیانی ناوچەکەی داپۆشیوە، بە هەمان شێوە و قووڵتر، قەیران بەرۆکی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیشی گرتووە کە ئەو قەیرانە لە ئاستی دەسەڵاتی سیاسی دابەزیووەتە ئاستی بێدەسەڵاتیی کۆمەڵگە و ژیانی تاک و بنەماڵەی ئێرانی بووە بە گوزەرانی کولەمەرگی و ڕۆژانە کە تەنیا گوێبیستی بەڵێنی گەورە و بێ کردەوەی دەسەڵاتدارانن و بە ژیانی خۆیان هەست بە گەندەڵی بەرفراوانی ئابووری لە وڵاتدا دەکەن کە پرسی گەندەڵی، قەیرانی قووڵی ئابووری خولقاندووە کە ڕەوایەتی و مەشرووعیەتی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی بۆ خودی دەسەڵاتدارانیش خستووتە بەر گومان و ڕەخنەوە، قەیرانی قووڵی ئابووری کۆمەڵێک قەیرانی کۆمەڵایەتیی خولقاندووە کە چوارچێوەی بنەماڵە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی خستووەتە بەردەم هەرەسهێنان، قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لەم وڵاتە، لە ئاستی کارەساتی گەورەی مرۆیی دایە و برستی بە گەلانی ئێران بڕیوە و تەنگی بە ژیانیان هەڵچنیوە، ئەوە جیاواز لە شێوەی دەسەڵاتداری و ڕەهەندە سیاسیەکەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیە کە سیستەمێکی تەواو جیاواز لە گەڵ سیستەم و ڕژیمە سیاسییەکانی جیهانە و بە شێوەیەکی ئەمپێریالیستی و جیهانگیری لە داهاتووی خۆی دەڕوانێت و بە هیز وەرگرتن لە ئایین و مەزهەب و بەکەرەستەکردنی باوەڕی ئایینی خەڵک، لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ خەونە ئایدئۆلۆژیکیەکانی و پەلیشی هاوێشتووەتە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی، بەشێک لەو کارەساتە مرۆییانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین ڕوو دەدەن، دەسەڵاتی سیاسی ئێران و کاربەدەستانی و تیئۆریسیەنەکانی کۆماری ئیسلامی لێی بەرپرسیار و شەریکن.

لەم ڕوانگەوەیە کە یەکێتیی دیموکراتی کوردستان، لە فەلسەفەی بوونی خۆیدا هەمیشە جەختی لە سەر هەندێک پرەنسیب و بنەما کردووەتەوە و لە بەرنامەی سیاسیشیدا بە ڕوونی باسی کردووە کە هەوڵ بۆ ئەوە دەدات کە بە بێ خولقاندنی کارەساتی مرۆیی، خەبات بکات لە پێناوی لە ناو بردنی دەسەڵاتی ستەمکاری و دین سالاری لە ئێران. خەبات لە پێناو ئەو ئامانجە سیاسیەدا لە چواچێوەی باوەڕ ە دیموکراتیکیەکانی یەکێتیی دیموکراتی کوردستانەوە دێت کە هەر جۆرە بیر و هزر و سیستەمێکی سیاسی کە هەڵگری توخمەکانی توتالیتاریزم، فاناتیزمی دینی، ئۆلیگارشی و فاشیزم و شۆڤینیزمی نەتەوەیی و ئایینی بێت، بە توندی ڕەت دەکرێتەوە و هەوڵ دەدات کە کۆمەڵگە لە چنگ و ژێر دەستەیی و هەژموونیی ئەو جۆرە لە سیستەمی فیکری و ئیدئۆلۆژیکی و دەسەڵاتی سیاسیە دەرباز بکات، ئەم ڕوانگە سیاسییەی یەکێتیی دیموکراتی کوردستان نەتەنیا ڕژیمی...

**درێژەی لە ٧**